مستە فازەنگنە

# شــەوارەبــوون

چـەن چیایـەکی بە ئـاسمانـدا هەڵگـڕاو ، کـەلۆزێکی دەمشۆڕی هەمیشە تەڕو ناو گەرو سەوز ، بە ڕەزای ناوچەکە لەوێـدا لەدایـك دەبێتو لە گـورچیلەی نـەخـۆشـەکـانـدا دەپـاڵێورێت ... بـە زستانـان وەکـو جگـەرەکێشێکی تـەواو کەلۆزەکە دووکەڵی هەڵمی بە حەوادا دەکـرد ، بە هـاوینانیش زوربەی لاوەکانی دێ بە کزەی فێنکیی لەشی خۆیان خـۆشە دەکردو ، بای بـاڵیان تیـا ئەدایـەوە ... دار بەڕووە بـەساڵا چووەکەی کەرکەڕاکەی سەرکـەلۆزەکە . بـەزگەخشێ چـەن لقێکی خۆیان شـۆر کردبـۆوەو هاتبـوونەوە بـۆ ناو دەمی ...

خەنجەر باڵو ، قاژقاژەو پاساری ، گەلێ جەوتو بەڕوویان بە درێژایی ساڵ بە دەنووك لە دارەکە هەڵدەوەراندو ، کیژگـەل دەچوونو لێیان کۆ دەکردەوە ، هەر وەرزەی بە جۆرێكو بـۆ مەبەستێك ... بەسەوزی دەیان بـرژان ، مندالان حـەزیان لە تـەقینەوەیـان دەکردو پـریشکە ئـەسکڵی داربـەڕو دەچـووە حەلحەلەی ئاسماندا ، بە وشکیش بۆ کونەو مەشکـە تاڵدان کنەیان لێ‌دەکرد ... بە هاران چەندین کوریسیان لە گەردنی لکە بەرزەکانی توند دەکردو هەڕەزانێیان لێ دەکرد ... کەس زاتی نەدەکرد لکە شکاوەکانی بۆ سووتاندنو سووتەمەنی بباتەوە ، کـەچی لە کاتی گـەشتو سەیـرانو چووارشـەمە سـوورەو نەورۆزەکاندا هەر لەبن دارەکە خۆیدا کەس چەکەرەی لەوە نەدەکرد شیوو چای پێ لێبنێن .. لەوەتەی هەیە نەزرگایە ... یەك تاکە دارێکەو نەبووە بە دوو ... هەموو خەڵکی ناوچەکـە خـۆشیان دەوێت ، واهـەست دەکەن تـاکە پـەرتووكو تـاکە سەرچاوەیە تاوەکو ئەمڕۆ مابێتـەوەو . مێژووی کـۆنو نوێی نـاوچەکـەو مرۆڤـەکانی پـاراستبێت ، بۆیـەش هەرکـەسێك نەمامێکی بچێنایە حەزی دەکرد وەکو داربەڕووەکەی سەرچاوە، بڵندو ، بەوەفاو ، بەتەمەنو بەپیت‌بێت ....

لەگەڵ خۆرئاوابوونـدا وەکو ئـەرکێکی ڕۆژانەی لەیـاد نەچوو ، هاپۆ « یادگار » چـرایەکی لەعـلی دادەگیرسـانو بە شوێنێکی تایەکاری بە دارەکەوەی هەڵدەواسی ... دەساو دەس ئەو کارە پیرۆزەی لەباوكو باپیرانیوە بۆ مابۆوە ... زوربـەی خەلکی حەسوودیٰیان بە هاپۆ « یادگار » دەبرد ، چونکە هەر ئەویش‌بوو سەرگوزشتەی دار بەڕووەکـەی دەزانی ، کەچی گەلێ شتی وەکو کلیل سونقەمینی تایبەتی بە خـۆیو ئەوەی پاش خۆی کارەکە دەگرێتە دەست هێلابووەوە ... ئێوارەیەکی بەهاری ساڵ وەکو هەموو ڕۆژانێکی کە ، بە ڕچـە ڕێکە ژوور ئاواییدا بەرز بووەوەو شووشە نەوتێکی گەردن بەرزی ئەلقە بەنێکی لە ملکراوی لە پەنجە تووتەی خۆی هەڵکێشابوو .. قاپە شـووشەکـە چەشنی مـریشکە ڕەشـەی ئاوی کـوژرابێو بە پاشکۆی سووارەکانەوە هەڵواسرابێت دەهاتو دەچوو ... کە گەشتە داربەڕووەکە دەستی برد چرا لەعلەکەی داگرت ، پڕی کرد لە نەوت ، چەرخەکەی لێدا ، دایگیرساند ... بە ئاسپایی هەڵیواسی‌یەوە . لە گەڵ هەڵواسینو گڕ بەخشینیدا ، هەمـوو گوندەکە بەرغەلەکانیان بەردایە ناو مێگەلەکانیان ... بارە باڕو باعە باع لە هەموو لایەکەوە بەرز بووەوە گشت ئێوارەیەك ئەو هەڵلایە هاپۆ « یـادگار » ی دەبـردەوە بۆ جیهـانێکی دی ... پەلەوەرو کۆترە نیشتووەکانی سەر قشڵە کۆنەکەی ناوەڕاستی گوندەکەش ، بۆ دووا جاری ڕۆژ ، قشڵەکەیان بەجێ دەهێلاو پـاش دوو سێ سـووڕی سـەر لێشێـواو بــە شـەوارەبـوون دەگەشتنەوە سەر قشڵەکۆنەکە .

« ئەم هەراو گۆڵەزە ئەلێی ڕۆژە لحەشرە ... زۆر کارو بەرخ بە هەڵە خۆیان دەکەنە ژێر مەڕو بزنەکانـدا ، بێ ئەوەی بـزانن دایکیـانن یان‌نـا !... هەنـدێ دەلاوێنرێو هـەندێکیش قـوچ دەخۆن ! ... هەیشە دەبرێتەوە کۆزەکانیان بێ ئەوەی دەمیان تەڕبێو دەمیان لە گوان بکەوێت ... ئەمە ژیانە » .

خۆیشی نەیزانی بۆچی ئەمڕۆ حەزی بەوە بوو ئەم جیهانی ئێستای هەموو ئێوارانەی بە دەنگێکی نەوی‌و لەبەر خۆیەوە هەڵبرێژێت ! وا دیاربوو حەزی بەوە بوو دار بەڕووە نەزرگاکە گوێی لێبێو خەمێکی ئەو لایەنەی بخووات !. چەند هەنگاوێکی هەڵهێناو بڕێ لە دارەکە دوور کەوتەوە ، لەگەڵ ئاوڕدانەوەیدا ، تارماییەك پێش چاوی کەوت‌و نەما .. پەیتا پەیتا دوو سێ جار هات‌و چوو ... بە تەواوەتی سەری هەڵبڕی‌و ڕووی‌کردە چرا لەعلەکە ... قاقبایەکی بەربڵاو لە ناخێوە کەوتەڕێ ، کەچی دەستی نایە سەردەمی خۆیو کپی‌کرد ... چاوە زیتەکانی ژێر هەردوو برۆ ئەستوورەکانی بریسکە بریسکیان بوون ... بە دەستەکەی کەی ڕیشۆی جەمەدانێکەی لادا ... لە شوێنەکەی خۆی چنچکێکی دایەوە ... شەمشەمەکوێرەیەکی کوڵکن خۆی دەکوتایە پشتی سێبەری ئاوێنەی لەعلەکەو خۆی لێمات دەدا تا مێشوولە یان پەپوولەیەك دەکەوتە بەر ڕووناکی‌ی چرا لەعلەکەو بەپیریی تیشکەکانێوە دەهاتن ، شەمشەمەکوێرەکە یەکسەر گوژمی دەسەن‌و پەلاماری دەدا ، هەرکە دەگەشتە ڕوو ناکی‌یەکە خەیلێ جار شەوارە دەبوو ، ناو بە ناو مەبەستی نەدەپێکاو دەپلکایە زەویکەوە ... لەولاشەوە لەبن دارەکەدا پشیلە کێوی‌یەکی سەر زل خۆی مەڵاس‌دابوو ، چاوەچاوی‌بوو شەمشەمەکوێرەکە بکەوێتە زەوی‌و ئەمیش بیقۆزێتەوە . هاپۆ « یادگار » یش لەم دیمەنە ڕاماو بە چاوی خۆی دیی هەریەکەیان چەند جارێك بە مەرامی خۆیان گەشتن ، کەچی ئەو نەیدەزانی گرێ کوێرەی ئەو کەین‌و بەینە بکاتەوەو بیری ئاڵۆزی شیکار بکاتەوە ... کە دایکێشاو ملی ڕێگای بەرەو ماڵەوە گرتەوە بەر ڕستەیەکی بەسەر زاردا هات ، خۆیشی نەیزانی چۆن بیری کەوتەوەو لە کوێوە فێری بووە . « بەڵێ ئەمە تەوازوون قووایە ... گەر وانەبێت ئەوا مێشوولە بە مانگێك زەلام دەخووات . » . هەرچەن لە ئاوایی نزیك دەبووەوە شەپۆلەکانی مێشکی دەنیشتنەوەو چەم‌و جۆگەلەکانی ووشك دەبوون ... بڕیاری‌دا گرێ کوێرەکەی دڵی بکاتەوەو بانگ هەڵبدێری‌و بە هەموو ئاوایی ڕابگەیەنێت ، کە ئەو داربەڕووەی ئەمڕۆ نەزرگایە ، گوڕی یەکەمین لاوی ئەم گوندەیە کە لە پێناوی سووارچاکی‌و خۆشەویستیدا ڕۆحی بەخشی‌و لە پێناوی تەوازوون قووادا کۆچی دوایی‌کرد .

# ئەو ساتانەی غەم و زەردەخەنە تێکەڵاوی یەکتی دەبن ..

● صدر الدین خۆشناو ●

— 1 —

هەر کاتێك لەخۆی بێزاربوایە ، لە ژوورەکە دەچووە دەرێ بۆ ئەوەی هەر لەلای کەمەوە هەوایەکە بگۆڕێت چونکە بێزاری‌و تەنیایی غەم‌و پەژارە زیاددەکاو وای‌لێدەهات خۆی لەخۆی بێزاردەبوو .. دڵێ تەنگ دەبوو .. قورسایی جیهان لەسەر شان‌و ملی (ئەو) کۆدەبووەوە .. سەری خۆی دەلەقاندو بیری لەهەموو شتەکان دەکردەوە .

- ئای کارەساتی ژیان . خۆ گەر تووشی هەر دەردو کارێکت بکات ئەوە لەژێریا نایێتە دەرەوە تاکو مردن پێوەی دەناڵێنی . بەلام (ئەو) پێشی ئەم کارەساتەش هەر بیری لە ژیان دەکردەوەو سەر شانی سووك نەبوو .. هەستاو هەردوو دارەکانی (شقەکانی) خستە بن هەنگڵی‌و لە زووەوە چووە دەرەوە .. هەر لەم کاتەدا بایەکی بەهێز دەهات هەموو گەڵای درەختەکانی حەوشەکەی دەجولاندەوە .